# بەرەو 8 ی مـــارس 4

بۆی 8ی مارس،
رۆژی جیهانی ژن.

بلاوکراوەیەکی رۆژانەیە رێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق دەری دەکات | www.equalityiniraq.com | 02.03.2005


## با لە رۆژی جیهانی ژناندا بە شیعاری
## (جیایی دین لە دەوڵەت)
## شەقامی شارەکان بە دەستەوە بگرین!

8ی مارس رۆژی هاتنەمەیدان بەرووی ستەمو چەوسانەوە لە دژی ژنان، رۆژی نمایشی هیزی بەشەریەتی یەکسانیخوازە لە دژی ئاپارتایدیکی جنسی کە سەراسەری ئەم دنیایەی داگرتووە. ئەمسال لە 8ی مارسدا کۆمەلگای عیراقو گشت ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بە هەل‌ومەرجیکی سەختو دژواردا تیپەر دەبیت. جەنگو ملیتاریزمی ئەمریکا ئەم ناوچەیەی گۆریوە بە مەیدانیکی سەرەکی کیشمەکیشی نیوان دوو قوتبی تیرۆریستی جیهانی. ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە کە دوژمنایەتیەکی کویرانەی لەگەل سەرجەم مافو پیوانە ئینسانیەکان هەیە، گەورەترین کەلکی لەم هەل‌ومەرجە وەرگرتووە مەیدانیکی فراوانی بۆ پەلاماردانی هەموو جۆرە ئازادیو ئینسانیەتو سیمایەکی مەدەنی پەیداکردوە. لەم نیوەشدا ژنان قوربانیانی سەرەکی ئەم مەیدان پەیداکردنەی ئیسلامی سیاسین.

ئەم بزووتنەوەیە بە کەلك وەرگرتن لەم دەرفەتەی بۆی رەخساوە دەیەوێ کۆمەلگای عیراق ئیسلامیزەو نقومی تاریکیو کۆلایەتی بکات. باجی ئەم بەربەریەتەش لە هەموان زیاتر دەکەویتە ئەستۆی ژنان. دوای 35 سال لە حاکمیەتی یاسا قەرەقوشیە بەعسیەکانی پشتبەستوو بە ئەحکامو شەرعیەتی ئیسلامی، دوای 35 سال لە ئاپارتایدی جنسیو کوشتارو سەربرینو تراژیدیای ناموسپەرستیو ئەخلاقیاتی دواکەوتوانە، کە رژیمی بەعس بە پیادەکردنی قانونو شەرعیەتی ئیسلامی بەریوەی دەبرد، ئیسلامی سیاسی بە پەیامی توندکرنەوەی ئەم بەربەریەتەوە لە دژی ژنان هاتوەتە مەیدانو بانگیشە بۆ ئایندەیەکی تاریكو کارەساتبارتر دەکات.

دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا کە گەورەترین جەنگو ملیتاریزمی لە دژی بەشەریەتی متمدنی دنیا، لە ژیرناوی جەنگ دژی تیرۆریزمی ئیسلامی بەریخستووە، لە عیراقدا بە کردەوە بوو بە چەتریك بۆ نەشونما کردنی ئەم دەستەو تاقمە کۆنەپەرستانەیە. ئیسلامی سیاسی لە سایەی داگیرکاری ئەمریکاو پشتیوانی راستەوخۆی جمهوری ئیسلامی ئیراندا خەریکە کۆمەلگای عیراقو ناوچەکە نقومی کارەساتی ئینسانی دەکات. ئەم رەوتانە چ ئەو دەورانەی کە راستەوخۆ دەسکەلای ئەمریکابوونو چ ئیستا کە لەسەر هەردوو پەتی رەقابەتو دەست تیکەلکردن لەگەلیدا یاریو سەرمایەگوزرای دەکەن، خاوەنی کۆنەپەرستانەترینو دژی ئینسانی ترین بەدیلن بۆ کۆمەلگا. بە دیاریکراویش بۆ ژنان جگە لە کۆیلایەتی و ئیغتصابو جۆرەها شیوەی لەشفرۆشی هیچی دیکە لە جعبەکەیاندا نیە.

ئەم هەل‌ومەرجە کۆمەلگای عیراق لەبەردەم خەرتەریکی گەورەدا راگرتوە. گالتەجاری هەلبژاردن کە لە بنەرەتەوە پرۆژەیەك بوو ..........................

پاشماوە بۆ لاپەڕە 2

## مافەکانی ژنان لە نیوان.. پیوانە یونیڤیرساڵی یەکان و کۆت وبەندە لۆکاڵی یەکاندا

**ناونیشانی کۆنگرەی یەکی جهانی ژنانە کەلەلایەن کۆمیتەی بەرگری لەمافەکانی ژنانی عیراق وبەهاوکاری بەریوەبەرایەتی ئەنتیگراسیۆن/سوید سازدەدری .**

لەم کۆنگرەیەدا چەندین باس و لیکۆلینەوە کەپەیوەندییان بەمەسەلەکانی ژنان وئەوگرفتانەی کەلەدنیای ئەمرۆدا وبەتاییەت بەهۆی کۆت وبەندی فەرهەنگی و قەومیی وئاینی ویاساییەوە رووبەرووی ژنان بۆتەوە، لەلایەن چەندین تویژەرو کەسایەتی و هەلسوراوی بزوتنەوەی ژنانەوە لەولاتانی رۆژهەلات و ئەوروپا، بەزمانەکانی ئینگلیزی، سویدی، عەرەبی و کوردی، پیشکەش بەئامادەبووان دەکری... کەسایەتی یەکانی بەشدار لەم کۆنگرەیەدا بریتین لە :

نەوال سەعداوی/نوسەروو لیکۆلەرەوەی میسری، شریف حتاتە/نوسەری مسری، رجا سلامە/ نوسەروو هەلسوراوی ژنان لە تونس، لیلی لەنگری/ هەلسوراوی ژنان لە ئەفغانستان، ینار محمد/ رەئیسی ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق، نادیە محمود/ نوینەری دەرەوەی ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق، ، ناسك احمد/ کەسایەتی ناسراوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان لە کوردستانی عیراق، هەلالە رافع/ لیپرسراوی کەمپینی بەرگری لەمافەکانی ژنان لە عیراق-سوید، سوسن سلیم/ تایبەتمەند لەبواری زەبرووزەنگ لەبەرامبەر ژناندا، ئالا فەرەج/سەرنوسەری بلاوکراوەییەکسانی، هوزان محمود/ نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە لندن، ریگا رەوف/هەلسوراوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان، بهار منزر/ هەلسوراوی مەیدانی ژنانی پەنابەر لە نەروویج، بەیان سالح/ هەلسوراوی ژنان لە دانمارك، ئەعزەم کەم گویان/ نوسەر وو لیکۆلەرەوە سەبارەت بە ژنان یاساوو مەزهەب لە ئیران، مریم ئەفراسیاب پور/ نوینەری ریکخراوی رەهای ژن لە ئیران، لیلی قەرای وە ئاننا/شەبەکەی ژنان لە سوید. ئوللا هۆفمان/ نوینەری پەرلەمانی حیزبی چەپی سوید، نوینەری پەرلەمانی سوسیال دیموکراتی سوید، ماریا پیلار/نوینەری پاریزگاکانی سوید سەبارەت بە مەسەلەکانی ژنان وژنانی پەنابەر، نوینەری ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال لەسوید، دیلشا دیمریل/ رۆژنامەوان و نووسەری مەیدانی ژنان لە سوید، ئیڤون هیردمان/پرووفیسۆری میژوو وە فیمینیزم لە زانکۆی ستۆکهۆلم، نوینەری ریکخراوی منال پاریز لە سوید، نوینەری تیرا فیم/ خانەی ئەمنی ژنانی پەنابەر لە هەموو سوید وە نوینەری وەزارەتی یەکسانی.

هاوکات لەم کۆنگرەیەدا، چەند چالاکیەکی ئەدەبی و هۆنەری پیشکەش دەکری و دوو فیلمی دۆکمینتاری لەسەر بارودۆخی ژنانی عیراق لەدوای رووخانی رژیمی بەعس و فلیمی " بەرەو رزگاری" کەتاییەتە بەژنانی ئەفغانستان، نیشان دەدری و سلاید شۆیەك بۆ خستنەرووی چالاکییەکانی ریکخراوی ئازادی ژنان لەعیراق پیشکەش دەکری.

ئەم کۆنگرەیە بۆماوەی دوو رۆژ لەشاری ستۆکهۆلم/ سوید بەرنامەکانی خۆی دەباتە پیشەوە

18 ی مارس2005 ریکەوتی هەینی کاتژمیر 10.00 -18.00

لە ABF Svea Vagen 41 T.Radmansgatan

19 ی مارس 2005 ریکەوتی شەممە کاتژمیر 10.00-17.00

لەHusby Traff T.Husby


**هەلالە رافع**

بەریوەبەری گشتی کۆنگرەی جیهانی ژنان

2005/2/22

تلفۆن: 0046739084190

مایل: halala_rafii@yahoo.com


**8ي مارس، رؤذي جيهاني ذن شكؤداركةن و بةرز رايبطرن.**

پاشماوەی ل سەرووتار...............

بۆ بەرەوپیشبردنی مەرامە چەپەلەکانی ئەمریکا، هەر بەوجۆرەی پیشبینی دەکرا، مەیدانیکی داوە بە رەوتو تاقمو ئاخوندەکانی ئیسلامی سیاسی کە زیاتر پێی لی دریژ بکەن، هەرەشەی داسەپاندنی حوکمو دەستورو قانونی ئیسلامی بەسەر کۆمەلگای عیراقدا دەکەن. دەیانەوێ دوای 35 سال لە بەربەریەتی بەعسیو دوو سال لە کارەساتو تراژیدیای سیناریۆی رەش، ئەلگۆی جمهوری کۆنە پەرستو خوینریژی ئیسلامی ئیران لە عیراقدا بهیننە سەرکار.

رەوتو هیزە ناسیوناليستیە کوردو عەرەبەکانیش بە کردەوە نیشانیانداوە کە ئامادەن لەگەل بەربەیەتی ئیسلامی سیاسیدا ئاویزان بن لە پیناو مسۆگەر کردنی بەشی خۆیان لە دەسەلاتدا. ئەم هیزە ناسیونالیستانە کە هەرکات بەرژەوەندیان بخوازێ ئیدعای علمانیەت دەکەن، بە هەموو توانایانەوە چونە پشتی سیناریۆی هەلبژاردنیك کە هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو دەبیتە "بەلی ووتن" بۆ ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا، تەنها بە نرخی ئەوەی گۆشەیەکی دەسەلات بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

ئەمرۆ سەرجەم ئەم هیزانە بە هەموو ناکۆکیەکی نیوان خۆیانەوە، خەریکی چنینیی نەخشەو پیلانیکی کۆنە پەرستانەو کارەساتبارن بۆ لە زەلکاو نقوم کردنی ئەم کۆمەلگایە. داسەپاندنی حوکمو شەرعەتی ئیسلامی لایەنی سەرەکی ئەم پیلانەیە. ئەمە مەترسیەکی گەورەیە لەسەر کۆمەلگاو هەموو کریکارانو ژنانو لاوانو خەلکی ئازادیخواز، سەرجەم بەرەی چەپو ئازادیو سکولاریزمی کۆمەلگا دەخاتە بەردەم مەسئولیەتیکی گەورەی میژوویی، بۆ هاتنەمەیدان لە دژی ئەم ئایندە تاریکەی دەیانەوێ کۆمەلگای پی بکەن بە شەوەزەنگ. بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو حەرەکەتی 8ی مارسی ئەمسال دەبێ لە هەناوی خەبات بۆ هەلگرتنی ئەم هەرەشە خەتەرناکە لەسەر کۆمەلگای عیراق جیگای خۆی پەیدا بکات.

لە نیو گشت ئەو فاکتەرانەی کە کۆتی ئەسارەتو بێ مافی لە دەستو پێی ژنان توند دەکەنەوە، تیکەل کردنی دین لەگەل دەولەتو پەروەردەو فیرکردن، روکنیکی سەرەکیە. لە هەر جیگایەکی دنیادا دەستورو یاساکانی دەولەت پشتی بەدین بەستبیت، بە تاییەتیش دینی ئیسلام، ئیتر ئەو کۆمەلگایە گۆراوە بە جەهەنمکی واقعی لە دژی ژنان. خودی کۆمەلگای عیراقو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، ، تەجروبەیەکی دورودریژو تالو کارەساتباریان لەم بارەیەوە هەیە. بۆیە لە 8ی مارسی ئەمسالداو بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئیستاو هەرەشەکان ئیسلامی سیاسی، (جیایی دین لە دەولەت) شیعارو خواستیکی سەرەکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو بەرەی ئازادیو سکولاریزم پیکدەهینیت. با رۆژی 8ی مارس لە دەوری ئەم شیعارە شەقامی شارەکان بەدەستەوە بگرینو بۆ سەپاندنی ئەم خواستەو باقی خواستو مافەکانی ژنان بە هیزی پانو بەرینەوە بیینەمەیدان.

بژی 8ی مارس

بژی یەکسانی هەمەلایەنی مافی ژنانو پیاوان

رییوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی
حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق/ ناوەراستی شوباتی
2005

## ئیبراهیم جەعفەری : حکومەتی ئایندەی عێراق,حکومەتی هەموو تایەفەکانی عێراق دەبێت

................. تاهیرحەسەن

ئەمە ڕاگەیاندنێکە کە دوێنێ ئیبراهیم جەعفەری کاندیدی بەرەی ئیسلامی یەکگرتووی عێراق بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەبەردەم کەناڵە جیهانی ومحەلیەکاندا لەشاری بەغداد ڕایگەیاند !.

ئەم ڕاگەیاندنە بۆ هەر کەسێك کە چاودێری ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردووی عێراقی کردبێ شتێکی تازەی تێدا نیە وچاوەڕوانکراو بوو.

سیناریۆیەك کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لەمێژ بوو بەڵێنی بە خەڵکی عێراق دابوو بۆیان بەدیبهێنێ وگوایە دەبێتە نموزەجێکی تاقانەی دیموکراسی لە عێراق و ناوچەکەدا, هەر ئەمەی لێدەکەوێتەوە. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاو کوێخاکانی تایەفەیی پەنای دەستی وتەنانەت زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ناسیونالیستی عەرەبی وکوردی, ئەم سیاسەتە بەوە پاساو دەکەن ودەڵێن , ئەوە پێکهاتەی نەسیجی کۆمەڵگەی عێراقە, ئەمریکا چی بکات؟. چی لەوە دیموکراسی ترە کە نیزامێك دیاری بکەیت هەموو ئەم پێکهاتانەی نەسیجی کۆمەڵگەی عێراق نوێنەرایەتی بکات؟!.

بۆئەوەی ئینسان لەم فریوکاریە تێبگات خراپ نیە ئەگەر بەهەمان پێوانە کە دەڵێن ودیموکراسیەکەیانی پێ دەپێون, تەماشایەکی پێکهاتەی نەسیجی کۆمەڵگەی ئەمریکا وەك دەڵێن بکات.

کۆمەڵگەی ئەمریکی, پێکهاتووە لە ڕەش پێست وسپی پێست, لە کاسۆلیك وپرۆتستانت وباڵەکانی تری مەزهەبی مەسیحی, لەهیندە سوورەکان, لە عەرەبی ئەمریکی , لەژاپۆنی وچینی وخوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایی , لەموسڵمان و سیخ و بوزی و..... سەرئەنجام بەو پێوانەیە بێت, نەسیجی کۆمەڵگەی ئەمریکی زۆر لە نەسیجی کۆمەڵگەی عێراقی ئاڵۆزترە. تەنیا ئەوەندە بەسە ئینسان بۆ لەحزەیەك ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی کە دەسەڵاتێك لە ئەمریکادا بێتە ئاراوە کە کورسیەکانی دەسەڵات بەسەر هەموو ئەو پێکاهاتانەدا دابەش بکات ولەبەرامبەر یەکتردا ڕایان بگرێت, چ کارەساتێك بەسەر کۆمەڵگەیەکی چەند سەد ملیۆنی وەك کۆمەڵگەی ئەمریکادا دێت؟!. بەڵام سەرباری ئەو نەسیجە ئاڵۆزەی پێکاتەی کۆمەڵگەی ئەمریکی, وەختێك جەنابی بووش قسەدەکات هەر دەڵێ گەلی ئەمریکا, خەڵکی ئەمریکا, کۆمەڵگەی ئەمریکی و ئەگەر بۆ یەك جاریش ناوی لەوە کەمتر بڵێ میدیاکان ئابڕووی دەبەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی جەنابی بووش ئەم پێوانەیە تەنیا بە باڵای خەڵکی عێراق دەگرێت. بۆچی وەکو دەسەڵاتە سەرمایەداریەکەی ئەمریکا دەسەڵات و قانوون ودەستوورێکی هاوشێوەی ئەمریکا لە عێراقدا دانامەزرێنێ؟!. چونکە بەدەرلەوەی بۆ ئەوە نەهاتووە و هیچ کاتێك ئەوە لەبەرنامەیدا نەبووە, بەڵکو ئەگەر دامەزراندنی دەسەڵات لە ئەمریکادا لەسەر ئەو پێناسەیە بوایە, ئەمڕۆ شاهیدی وولاتێکی پێشکەوتوو وئابووریەکی غۆل ئاسای وەك کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمریکا نەدەبووین. ئەگەر دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا دامەزراندنی ئاوها نیزامێك لەبەرنامەیدا بوایە,یان تەنانەت جێگای پشتیوانیشی وابووایە, ئابلۆقەی ئابووری لەسەری شیری منداڵانی عێراق دانەدەنا, ئەگەر وابووایە چەقۆکێشانی تاڵیبانی بەدەسەڵات نەدەگەیاند, ئەگەر وابووایە چەندین دەهە نەدەچووە ژێر باڵی سەدام حسێنیەکانی ناوچەکە.!

( حکومەتی ئایندەی عێراق, حکومەتی هەموو تایەفەکانی عێراق دەبێت ). ئەم حکومەتە ئەگەر بچێتە سەر تەنیا نوێنەرایەتی ئەو کوێخایانە دەکات کە بە پەنجەمۆری بەشێك لە خەڵك لەسەر کورسی دەسەلات دادەنیشن. لەم حکومەتەدا ژنان دەبێ ژن بوون وبێ ماف و پلەدوویی خۆیان لەبیر بەرنەوەو بۆ پرسینەوە لە هەر مافێکیان بچنە سۆراغی سەرەك تایەفەکەی خۆیان کە لیستێك ژنی بۆ خۆی ڕیزکردووە, تا بزانن دنیا چ خەبەرە. لەم حکومەتەدا کرێکاران لەجیاتی ڕێکخراوی چینایەتی خۆیان, تایەفەیان هەیە, ئەویش لە کوردستان ئیمامێك سەرۆکە ولە ناوەڕاست یەکێکی ترو لە خوارووی عێراق جەنابێکی تر, تایەفەکانیان ڕێکخراوەو ئیتیحادیەو سەندیکاکانیانە!. لەم حکومەتەدا قووتابیانی زانکۆکانی بەغدا وموسڵ وبەسرەو سلێمانی وهەولێر دەبنە مورید وفەقێ و لەجیاتی زانست. دەبێ لەبەردەرگای سەرەك تایەفەدا بووەستن تا دەستی تەبەرۆك بهێنێ بەسەریاندا و لەبەلا بەردوور بن!. لەم حکومەتەدا ژنان ولاوان و خوێندکاران وکرێکاران و فەرمانبەران بوونیان نیە, بەڵکو ئەمانە دابەشکراون بەسەر تایەفەکانداو ئیمامەکانیشیان وا لەپەرلەمان دانیشتوون و جەنابی ئیبراهیم جەعفەریش سەرقاڵی جێبەجێکردنی خواستەکانیانە. هەر کەسێك دەیەوێ مافەکانی بزانێ وبناسێ, ناسنامەی تەسدیقکراوی تایەفەکەی لەگەڵ خۆی بەرێت و بچێتە خزمەتی سەرەك تایەفە تا بزانێ چی بەرئەکەوێ !!.

ئێوە بڵێن دەسەڵاتی وەها لە چ سیستەمێکی دەسەڵاتدارەتی ئەم سەردەمەدا هەیە. بەڕاستی دەسەڵاتێکی وەها ئەگەر بگیرسێ سەدام حسێن لە کوشتارو پلەدوویی ژنان وقەتڵی نامووسی و پێشێلکردنی ئازادی سیاسی و ئازادی بیرباوراو خوپیشاندان وبەڕێوەبردنی ئاپارتایدی قەومی وڕەگەزی, سەد جار رووسپی دەکات.

هەوڵدان بۆ جێگیرنەبوونی ئاوها نیزامێك, ئەرکی هەموو کەسێکە کە نزیکایەتی لەگەڵ تەنانەت شارستانیەتی ئەم سەردەمەشدا هەبێت. ژنان لەنێو ئەم دەسەڵاتەدا گەورەترین قوربانیان دەبن, بۆیە 8 ی مارسی ئەمساڵ گۆشەیەکی گرنگە لە خەباتێکی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی عێراق بۆ دەرکێشانی کۆمەڵگا لە سیناریۆی ڕەشی ئێستا.

بةرةو 8 ي مارس

بلآوكراوةيةكي رؤذانةية، رىكخراوي ئازادي ذن لة عىراق بؤ ثىشوازي لة 8 ي مارس، رؤذي جيهاني ذنان، دةري دةكات!

سةرنوسةر: ناسك ئةحمةد
nasikahmad2@yahoo.com
سةرثةرشتيار: عمر احمد ( خطاط )

لة 8ي مارسي ئةمسالَدا هةموو بةيةك دةنط هاواركةن مةرط بؤ دةسةلآت و قانوون و تيرؤريزمي ئيسلامي.